## ڕاگەیاندنی سکرتارییەتی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە دەربارەی

# کۆشتنی خویندکاری زانستگای پەیام نووری شاری سنە
# "ابراهیم لطفاللهی" لە ژێر ئەشکەنجە

ڕۆژی یەک شەممە ١٦ بەفرانبار ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی خوێندکاری دانشگای پەیامی نووری سنە دوای ئەوەی لە جەلەسەی ئیمتحان لە بینای دانشگا دێتە دەرێ لە لایەن ئیتلاعاتی ئێرانەوە دەستگیر دەکرێ.

چەند ڕۆژ دواتر واتە ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی بەفرانبار ئیتلاعاتی سنە هەواڵی مردنی بە ئاگاداری بنەماڵەکەی ڕاگەیاندووە.

هیچ شکو گومانێک لەوەدا نیە کە ئیبراهیم لە ژێر ئەشکەنجەی جەلادەکانی رژیم گیانی خۆی لە دەستداوە. ئەمە هەوەلین جار نیە کە دەستگیراوەکانی ئیتلاعات لە جەریانی گرتن ولێپرسینەوەدا گیانیان لە ژێر فشاری تاقەت پروکێنی ئازارو ئەشکەنجە لە دەست دەدەن. بە پێی هەواڵەکان دیار نیە کە مەئمورینی ئیتلاعات جگە لە دووپات کردنەوەی پاساوی بێبنەمای خۆکوژی چ روونکردنەوەیەکیان بۆ ئەو روداوە بۆ خانەوادەکەو یان رای گشتی هەیە. بە پێی ئەزموونەکانی پێشوو بێشک بەر لە هەموو شتێک دەستیان کردوە بە هەرەشە لە بنەماڵەی ئەو شەهیدەو باس کردن لەو رووداوەیان بە تایبەت لە میدیاکان لێ قەدەغە کردوون. لە هەمان کاتدا هەر وەک جارانی پێشوو بکوژ یا بکوژانی ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی بە بێ هیچ لێپرسینەوەو سزایەک بۆ ئەو تاوانە گەورەیە، درێژە بە کاری خۆیان دەدەن تا قوربانێک و لەشێکی لەتوپەت کراوی دیکە پێشکەش بە بنەمالەکەی و خۆشەویستەکەی بکەن.

کۆمەڵە بە توندی ئەو تاوانە گەورەو نامروڤانەی کۆماری ئیسلامیو ئیتلاعاتی سنە مەحکووم دەکا وە ئەو جنایەتە بە درێژەی گوشار بۆ سەر بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد دەزانێ. وێرای سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسو کاری ئیبراهیمی لوتفوڵڵاهی هاودەنگ لە گەل هەمو مروڤێکی

ئـــازادیخوازو شـــەرافەتمەند خوازیـــاری ناســـاندنو لێپرســـینەوە و محاکەمـــەی ئـــەو تاوانبارانەیە کە لەو جنایەتەدا دەستیان بووە.

**سکرتارییەتی کومیتەی ناوەندی**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**٢٠٠٨/٠١/١٨**